زنجیرەی
٣

# پەیامی هزر

د. عومەر عەلی
٢٠١٨

زنجیره (٣)

# پەیامی هزر
# (الفكر)

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


**ناوی کتیب:** پەیامی هزر (الفکر)

**نوسەر:** عومەر عەلی

**دیزاینی ناوەوەو بەرگ:** توانا ئەحمەد

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**نرخ:**

**ژمارە (      )ی ساڵی (      )ی**
**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە**

بسم الله الرحمن الرحيم

## هزرو هەڵوێستەیەك

زۆرجـار گوێـمان لـه زۆر ووتـەی جیـاوازو دژ بەیـەك دەبێـت سـەرمان لـه دژایەتیەکـەی سـوڕ دەمێنێـت، کـە بـۆ وا سـوور دەبنـەوە لەسـەری، چونکـه هەندێك جـار کەسـەکان یـەك زمـان قسـه دەکـەن و لـە یـەك جێگەشـدا دەژیـن و هەندێك جـار یـەك ئامانجیشـیان هەیە! بـەڵام کـە دێـن و لـە بیرۆکـەو باکگراونـدی ئـەو جیاوازیانـە دەکۆڵینـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت هەریـەك پەروەردەکـراوی هزرێکـی جیـاوازە، وەیـان کاریگـەرە بـە یەکێـك لـەو قوتابخانـە هزریانـە، هەمـوو ئـەو هزرانـەش داهێـنراوی مرۆڤەکانـن هەربۆیـە جیـاوازی زۆری تێـدا بـەدەر دەکەویـت، لێـرەدا بـە پێناسـەیەکی کـورت دەچینـە نـاو هـزرە جیـا جیاکانـەوەو هەڵوێسـتەکی کورتیـان لەسـەر دەکەیـن وەك دەرگایـەك بـۆ تێگەشـت و زیاتـر بەدواداچـوون.

## هزر چـی یە؟

هـزر تەنهـا بەمانـای تێگەشـتن دێـت، واتـە کۆمەڵـە بیرۆکەیەکـە لـە مێشـکی مرۆڤـدا گەڵاڵـە دەبێـت و لەسـەر شـتێك یـان کۆمەڵـە شـتانێك دەنیشـێتەوەو دەبێتـە بڕوایەکـی تـەواو لای مـرۆڤ و هـەوڵ بـۆ ئامانجەکانـی دەدات.

کاتێـك دەوترێـت بیرۆكـە ئەویـش دەتوانیـن لقەكانیشـی دەستنیشـان بكرێـت وەك: دەرك كـردن، هۆشـیاری، بەهێـزی هەسـت پێكـردن، خەیـاڵ.
جگـە لـەوەش جۆرێتـی بیركردنەوەكانیـش لەسـەر بیرلێكـەرەوە زۆرن، تەنهـا هەندێكیـان ئامـاژە پـێ دەكەیـن وەك:
یەكەم: بیكردنەوەی ئاسای.
دووهەم: بیكردنەوەی عاتفی.
سێهەم: بیكردنەوەی لۆژیكی.
چوارهەم: بیكردنەوەی وەرزشی.
پێنجهەم: بیكردنەوەی ڕەخنەی.
شەشهەم: بیكردنەوەی داهێنان.
ئیشـی هـزر هەروەهـا لەگـەڵ زانیاریەكانـدا كار دەكات و بـەدوای ڕێگـە چـارەدا دەگەڕێـت و هەوڵـی پێشـكەوتن و سـەركەوتنی دەدات.
ئـەم خسـتنە گـەڕی بیـرو هۆشـیاریەو بـە ئاگابوونـە كارێكـی داواكـراوە لـە مرۆڤـەكان و هـۆكاری بەردەوامـی و بەرەوپێشـچوونی ژیانـە، بـە تایبـەت بیركردنـەوەی داهێنـان.
لێـرەدا ئـەو پرسـیارە خـۆی پـێ ڕاناگیـری و دەڵـێ مەگـەر سـەرەنجامی ئـەو هـزرە جیـا جیانـە نەبـووە كـەوا ژیانـی هەزارەهـای بـە قوربانـی خـۆی كـوردووە؟
وەڵامەكەشـی بێگومـان ڕاسـتە بـەڵام هـۆكاری ئـەو كوشـت وبـڕو ناتەباییانـەی كـە دەبێـت هەریـەك لـە ژێـر هزرێكـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئالیەتـی نادروسـتی ئـەو هـزرەی كـە پشـتی پـێ بەسـتراوە هـەروەك چـۆن دەكرێـت دەمارگیـری و شـتی تریشـی تێكـەڵاو بـە هـزر كرابێـت كـە لـە بنەڕەتـدا هـزر نەبـووە.
لێـرەوە دەرگاكـە تەقـەی لـێ دەدەیـن و هەندێـك لـەو فكرانـەی كـە ئێسـتە لـە دونیـادا برەویـان پـێ دەدرێـت، بـە پوختـی وەك لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پـێ كـرد ڕوون دەكەینــەوە.

# ١-هزری لیبراڵی

هزری لیبراڵی لە بنەڕەت و زمانەوانیدا لە دوو بەش پێك هاتووەو لاتینیە.
یە کە بەمانای ئازادی دێت.Liber کە دەرهێنراویLiberalism
ئـەم بزووتنەوەیـە بـە بزووتنەوەیـەك دادەنرێـت کـەوا کار دەکات بـۆ ئـازادی مرۆڤـەکان لـە سـێ ڕێگــەوە.
یەکەم: لە ڕێگەی سیاسی.
دووهەم: لە ڕێگەی ئابووری.
سێهەم: لە ڕێگەی ڕۆشنبیری.
ئـەم سـێ ڕێگـەی کـە لێبراڵیـەکان لـە ڕێگەیـەوە کار دەکـەن لـە جێگەیەکـەوە بـۆ جێگەیەکـی تـر دەگۆڕێـت، وە بێگومـان لەسـەر ئـەو فەلسـەفەی کـە خۆیـان باوەڕیـان پێـی هەیـە.
مێـژووی لیبراڵـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی شـازدە وەیـان دەتوانیـن بڵێیـن لەوکاتـەوە بـەرەو پێشـچوونی بەخۆیـەوە بینـی، لـە ئەوروپـاوە سـەری هەڵـداو لـە ئەنجامـی ئـەو شـەڕانەی کـە لەسـەر ئایـن دروسـت بـوون.
هەربۆیـە دەبینیـن دینیـان لـە دەوڵـەت جیـا کـردەوەو لـە ڕێگـەی مافـی تـاك و یەکسـانی، بـۆ نمونـە لـە ڕەگـەز، پەیوەنـدی سێکسـی، جنـس.
ئـەم بزووتنـەوەش لەنـاو خۆیـدا جیـاوازی بـەدی دەکرێـت و دەتوانیـن بـە دوو بـەرە بیـان ناسـێنین ئەوانیـش: وەك سوسـیال لیبرالیـزم و نیئۆلیبرالیـزم.
نیئۆلیبرالیزمـەکان زیاتـر بـەلای ئابووریەکـەدا دەچـن و بـوار زیاتـر بـەو لایەنـە دەدەن، ئیـتر ئـەم لایەنـەش لـە ڕاسـتیدا جۆرێـك لـە تێکەڵـی تێـدا بـەدی دەکرێـت وەك لەلایـەك پشـتگیری خـاوەن سـەرمایەدار کـردن و بەهـەژار کردنـی خەڵکـی ئاسـایی، لـەم ڕووەوە دەتوانیـن بڵێیـن جۆرێـك لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕەئسـمالیدا

بـەدی دەکرێـت، هەرچەنـد لـە بانگەشـەکانیاندا ئـەوە دەرناخرێـت، بـەڵام لـە زەمینـەی کاری بـازاڕی ئـازاددا ئـەوە بـە ئاشـکرا دەبینرێـت.
ئـەو بـازاڕی ئـازادەی کـە زۆرجـار فـەوزا دروسـت دەکات، ئەمانـە دروسـتیان کـردووەو پشـتگیری ئەوانـە کـە بـازاڕ ئـازاد بێـت! وە دەوڵـەت نابێـت دەسـت وەرداتـە کاری سـەرمایەداران، چونکـە دەڵێـن کـە مـرۆڤ لـە دایـك دەبێـت بـە ئـازادی لـە دایـك دەبێـت وە دەبێـت ئازادیەکـی ڕەهاشـی هەبێـت. بـەڵام کـە وورد دەبینـەوە لـەم ئازادیـە تەنهـا بـۆ سـەرمایەدارەکانەو هـەژاران ئازادیەکانیـان دەبێتـە قوربانـی ئـازادی سـەرمایەدارەکان، ئـەم دەسـتە لـە کوردسـتاندا زۆرجـار بەدیـار دەکەوێـت و هـەژاران دەنگـی نـا ڕەزاییـان بـەرز دەکەنـەوە لێـی بـە تایبـەت لـە ڕەمەزانانـدا، حکوومەتیـش وەك پشـتگیری ئـەو بیرۆکەیـە بەگوێـرەی پێویسـت ئـاوڕی لـێ نەداتـەوە، هەرچەنـد لـە ڕاستیشـدا ئـەو ئازادیـە کـە وەك دەڵێـن ڕەهـا بێـت ڕەهایانـەش پێـی نـەدراوە ئەوەتـا دەبینیـن لـە وواڵتانـی ئەوروپـا تـا ڕادەیەکـی زۆر چاودێـری بەسـەریانەوە هەیـە، بـەڵام لـە وواڵتانـی عەرەبـی کەمـتر ئـەوە بـەدی دەکرێـت، بـۆ نمونـە لـە کوردسـتاندا زۆرجـار دەبینیـن بـە تـەن دەسـت بەسـەر خۆراکـی بەسـەرچوودا دەگیرێـت لـە کاتێکـدا لـە ئەوروپـا ئەگـەر خـواردن کاتەکـەی بەسـەرچوو زۆرتریـش لـە پارەکـەی خـۆی پێـی بدەیـت پێـت نافرۆشـن، چونکـە چاودێریەکـە ئەوەنـدە تونـدە فرۆشـیار لـەوە دەترسـێت کڕیـار شـکاتی لـێ بـکات وەیـان ئاشـکرای بـکات کـە خواردنـی بەسـەرچووی فرۆشـتووە، بـەڵام ڕەهایەکـەی زیاتـر لـە نرخـدا خـۆی دەبینێتـەوەو سـنوردانەنانی تـەواوە بـۆی، بـۆ نمونـە ئـەو خواردنانـەوەی کـە زیـان بەخشـە تـا ئێسـتە نەتوانـراوە ڕێگەیـان لـێ بیگرێـت وەك کحولیـەکان.
بیرۆکـەی لیبراڵـی بەجۆرێکـە هەرچەنـد لـە ئەروپـاوە سـەری هەڵـدا بـەڵام هـۆی کاری جـدی کـردن بـۆی توانیـان بەجۆرێکـی وا ئـەو هـزرە تەشـەنە پـێ بکـەن بگات

بـه وولاتانـی دەرەوەی ئەوروپـاو هەتـا کاریگـەری لەسـەر ئـەو کەسانەش کـرد کـە پابەنـدن بەئاینیــە ئاسـمانیەکانەوەو هــزری تایبەتـی خۆشـیان هەیـە. بـۆ نمونـە هـەر سـێ ئاینـە ئاسـمانیەکان، وەك لـە خـوارەوە ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن.

## ليبرالّى ئيسـلامـى

ئـەو بیرۆکـەی کـە لیبراڵیـەکان هێناویانـە بەداخـەوە دەتوانیـن هەسـتی پـێ بکەیـن لەنـاو بزووتنــەوە ئیسـلامیەکانداو لەنـاو هەتـا تاکـی مسـوڵمانانـدا، کـە زۆرجـار گوێمان لـێ دەبێـت کـە دەبێـت دیـن لـە دەوڵـەت جیـا بکرێتـەوە، وەیـان دینـداری تەنهـا نیـوان مرۆڤـەکان و خـوای گەورەیـە.

لەنـاو حیزبـە ئیسـلامیەکانی خۆشـماندا جۆرێـك لـەم بیرۆکـە دەبینرێـت و هەسـتی پـێ دەکرێـت، وەك لـە دوا کۆنفراسـی یەکگـرتوودا بـاس لـە جیـا کردنـەوەی بانگـەواز لـە سیاسـەت کـراوە، گـەر بـە ووردی لـەو جیـا کردنـەوە بدەیـن جۆرێـك لـە جـۆرەکان ئـەو بیرۆکـە لیبراڵیەمـان نیشـان دەدات، بـەڵام بـە بەرگێکـی ئیسـلامیدا، هەرچەنـد یەکگرتـوو بـڕوای بـە جیـا کردنـەوەی دیـن لـە دەوڵـەت نـی یـەو خـۆی سیاسـەت دەکات و بـۆ حوکـم هــەوڵ دەدات بـە مەرجەعیەتێکـی ئیسـلامیەوە، بـەڵام ووروژانـدن و باسـکردنی ئـەو جـۆرە جیاکردنـەوە هـزری لیبراڵیـمان دێنێتـە یـادوو هەبوونـی ئـەو ئاراسـتە هزریـە.

لەناو ئیسلامیەکانی تردا دیسان لیبراڵی ئیسلامی دەرکەوتوون وەك:

فـرج فـوده١ ، جـمال البنـا٢، إيـاد جـمال الديـن٣، سـيد القمنـي٤، أحمـد صبحـي منصـور٥، طـه حسـين٦ ، وە هەروەهـا زۆری تریـش. هەرچەنـد هزرێکـی سـەربەخۆ نـی یـە کـە نـاسراو بێـت بـە لیبراڵـی ئیسـلامی، بـەڵام لـە بیرۆکـەی کەسـایەتیە

نـاوداره‌كان وه‌یـان هه‌ندێـك كـه‌س لـه‌ ڕیـزی حیزبـه‌ ئیسـلامیه‌كاندا هه‌ڵگـری ئـه‌و بیرۆكـه‌ن وه‌یـان به‌لانـی كه‌مـه‌وه‌ بڵێیـن كاریگـه‌ر بـوون پێـی.

## لیبراڵی مه‌سیحی

هه‌ندێـك جـار به‌نـاوی باللاهـوت التحـرري هه‌سـتی پـێ ده‌كرێـت، ئه‌مـه‌ش زیاتـر ئـه‌و كه‌سـانه‌ن كـه‌ فه‌لسـه‌فین، وه‌ بـوار بـه‌ موناقه‌شـه‌ ده‌ده‌ن له‌سـه‌ر مه‌سـیحیه‌ت، بـه‌ڵام ئه‌مـه‌ لـه‌ ڕاسـتیدا جێگـه‌ی تێڕامـان نـی یـه‌ چونكـه‌ مه‌سـیحیه‌ت خۆیـان پێـش لیبراڵـی ده‌سـتكاری دینه‌كه‌یـان كردبـوو وه‌ گـه‌ر لێـی ووردبینـه‌وه‌ لیبراڵـی هـه‌ر لـه‌ ڕقـی مه‌سـیحیه‌ت دروسـت بـوو.

## لیبراڵی یه‌هودی

لیبراڵیـه‌ یه‌هودیـه‌كان بزووتنه‌وه‌یه‌كـی یه‌هـودی چاكه‌گه‌ریـن به‌زمانـی خۆیـان ئه‌ڵبـه‌ت، ئه‌مانیـش بـه‌ده‌ردی مه‌سـیحیه‌كان وه‌ لـه‌ نێـو یه‌هودیـدا ماسـۆنی هه‌یـه‌ كـه‌ جێگـه‌ی خۆشـحاڵیه‌ گـه‌ر لیبراڵـی له‌ناویانـدا پـه‌ره‌ بسـێنێت، چونكـه‌ هیـچ نه‌بێـت ئـه‌و ئازادیـه‌ی لیبراڵیـه‌كان ده‌یـده‌ن بـه‌ یه‌هـودی هـه‌ر بـاوه‌ڕی پێـی نـی یـه‌. لێـره‌دا له‌سـه‌ر لیبراڵـی ده‌توانیـن ئـه‌وه‌ بڵێیـن هه‌رچه‌نـد لـه‌ ئه‌وروپـا تـا ڕاده‌یه‌كـی زۆر سـه‌ركه‌وتنی به‌خۆیـه‌وه‌ بینـی ئه‌ویـش ده‌گه‌ڕێتـه‌وه‌ بـۆ ئـه‌و شـه‌ڕو كوشـتارو نـا دادگه‌ریانـه‌ی كـه‌ پیاوانـی كه‌نیسـه‌ ده‌یانكـرد، بـه‌ڵام ئـه‌وه‌ی جێگـه‌ی تێڕامـان و هه‌ڵوێسـته‌كردنه‌ له‌سـه‌ری بـۆ ئـه‌و بیرۆكـه‌ كاریگـه‌ری له‌سـه‌ر موفه‌كیـرو كه‌سایه‌تیه‌ ئاینیـه‌كان دروسـت كـردووه‌ بـه‌ تایبـه‌ت ئیسـلامیه‌كان! ئایـه‌

ئیسـلامیش بـەدەردی مەسـیحیەکان کوشـت و بڕیـان کردبـوو؟ ئایـا کەسـایەتیە ئاینیـەکان خەڵکیـان بـە قوربانـی خۆیـان کردبـوو؟ ئایـا؟ ئایـا. هەرچەنـد بـە نەزانـی هەندێـك جـار ئـەو جێگانـەی کـە ئیسـلام فەتحـی کـردوون بـە کوشـت و بڕ وەسـف دەکرێـت کـە ئەمـەش ئێـرە جێگـەی بـاس کردنـی نـی یـە دەکرێـت شـیکاری خـۆی لـە بابەتێکـی سـەربەخۆدا بـاس بکەیـن. پەیوەنـدی بتـەو لەگـەڵ عەلمانـی و لیبراڵیـدا هەیـە هەربۆیـە لـە باسـەکەدا هەندێـك جـار بیـر بـەلای عەلمانیـدا دەچێـت.

## ٢- هـزری مـارکـس و لـیـنـین و شـوعـی

ناوهێنانـی بـە مارکـس دەگەڕێتـەوە بـۆ کارل مارکـس، کـە فەیلەسـوفێکی ئەڵمانـی بـوو لـە سـاڵی ١٨١٨ بـۆ ١٨٨٣ ژیـاوە.

مارکـس بـە ڕەچەڵـەك جولەکەیـەو کەسـێکی سیاسـی و نووسـەرو چاودێـری کۆمەڵایەتـی بـووە، کۆمەڵێـك کتێبـی نووسـی لەسـەر بیرۆکەکانـی کـە زیاتـر بـۆ دەسـتەڵاتی ئابـووری دەگەڕێتـەوە، مارکـس لەگـەڵ هاوڕێکـەی فریدریـك إنجلـز شـوعیان دامەزرانـد.

هزریـان لەسـەر یەکسـانی کۆمەڵـگا بـوو هـەروەك نـاوی شـوعی خۆشـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە ئەڵبـەت لـە هـزری مارکـس خۆیـدا، بـەلام ئـەو یەکسـانیە شـتێکی لۆجیکـی نەبـوو کـە هەمـوو کـەس وەك یـەك بێـت و مـاڵ لـە دەسـتی دەوڵەتـدا بێـت، هەرئـەوەش خـۆی بـۆ خـۆی نایەکسـانیەکەی ئاشـکرا دەکـرد.

مارکس وفریدریك بە پشت بە ستن بە سێ سەرچاوەی سەرەکی کە:

یەکەم: فەلسەفەری ئەڵمانی، کە زیاتر لایەنی مادی دەگرێتەخۆ.

دووهەم: ئابوری سیاسی ئینگلیز، بە تایبەتی بیرۆکەکانی آدم سمیث.

سـێهەم: ئیشـتراکی فەرەنسـی، هـەر لـە سـەدەی حەڤـدەوە مارکـس کاریگـەری ئیشـتراکی فەرەنسـی پێـوە دەبیـنرا.
لێـرەدا تەنهـا لـە ڕووی ئـەو سـەرچاوانەی کـەوا مارکـس و هاوڕێکـەی پشـتیان پـێ بەسـتووە ناوەرۆکـی مارکسـی و شـوعی دەردەخـات کـە هەرشـتەو لـە وڵاتێـك و لـە ژێرکاریگـەری وڵاتێـك وەیـان کەسـایەتیەکی ئـەو وڵاتـە بنیادنرابێـت دەبێـت چـۆن بێـت، هەربۆیـە کـە ئـەو دەورەشـی کـە لـە کاتـی خۆیـدا بـۆی لـوا هەرچـۆن بـە خێـرای ڕۆشـتە پێشـەوە زۆر خێراتـر پاشەکشـەی کـرد.
جگـە لـەوەش ئـەو هەمـوو مەدرەسـەی کـە تێیـدا دروسـت بـوو وەك: مەدرەسـەی مارکسـی لینینـی، سـتالینی، ترۆتسـکی، ماویـە، تیتویـە، شـوعیە مەجالیسـەکان، لوکسـمبورغیە، زوتشـیە، وە هەروەهـا جگـە لـە مەدرەسـە مارکسـیەکان مەدرەسـی تریـش وەك شـوعی تەحریـری.

## ٣-هزری سـەرمایەداری

سـەرمایەداری بەشـێوەیەکی گشـتی دەگەڕێتـەوە بـۆ سسـتمێکی ئابـوری و ئامێـری وەبەرهێنـان لـە ڕێگـەی تاکـەوە یـان کۆمپانیـەوەو دابەشـکردنی بەسـەر خەڵکـدا.
لەم ڕێگەوە دەتوانین بیشوبهێنن بەجۆرێك لە شوعیەت و بیرۆکەی مارکس.
سسـتمی سـەرمایەداری دەگـەڕا بەشـوێن ڕێگـەی جیـاوازدا بـۆ بەدەسـهێنانی سـەرمایە لـەو ڕێگانـەوە کـە دەوڵـەت ڕێگـری لـێ نـاکات و خـۆ پاراسـتن لـەو شـتانەی کـە دەوڵـەت بەربەسـتە لـە ئاسـتیاندا وەك فرۆشـتنی مـادە بێهۆشـکەرەکان.
سستمی ڕەهای نرخەکان و بەربەرەکانی بۆ بەدەستهێنانی زۆرتر.

ئەمەیە کە دونیای ئەمڕۆی تێك داوەو هەژاران هەر لە ژێرەو دەناڵێن و سەرمایەدارانیش گوێیان کەڕ بووە لە ئاست ئەو هات و هاوارە، هەتا زۆرێکیش لە وولاتان دەبینین مەیلیان بەلای ئابووری ئیسلامیدا دەڕوات، چونکە ئابوری ئیسلامیە بەرژەوەندی هەژاران دەپارێزێت لە نەدانی ڕیباو پارەی زیادە بەسەرمایەداران.

## ٤-هزری میکافیللی

ناوهێنانی هزری میکافیللی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی نیکۆلا میکافیللی کە لە ١٤٦٩ بۆ ١٥٢٧ ژیاوەو لە فلورنسا لە دایك بووە لە ئیتالیا، هەرچەند میکافیللی خۆی بە ژیانێکی ئاسایی دەستی پێ کرد، بەڵام بەهۆی ئەو زانستانەی کەوا وورد خوێندبووی لەسەر ئەدەب، یاسا، مێژوو، فەلسەفە توانی لە ڕێگەی کۆمەڵە کتێبێکەوە بگات بەو هزرەی کە بەناو بانگ بوو بە ناوەکەیەوە میکافیللی، هزرەکەشی بەشیوەیەکی گشتی مێژووی بوو زۆرتر شتەکانی تری پشتگوێ دەخست و دەگەڕایەوە بۆ مێژوو، ئەڵبەت ئەم پشت بەستنەو هەتا ئەو هزرەکانی تریش بۆ بە دەستگرتن بەسەر بەرانبەردا یان ئاشکراتر بڵێین جیهاندا.
بۆیە دەشبینین زۆرێك لەو ڕۆژهەڵات ناسەکان کە بەناوبانگن ئێستە لەناویاندا ئیتالی زۆر هەبوون، بۆ ئەوەی مێژوو کەلتورو کون و کەلەبەری وولاتانی ئیسلامی بزانن و لەو ڕێگەوە زەفەریان پێ ببەن، هەرچەند کە ئێستە ئێمە وولاتانی ئیسلامی بە نمونە دەهێنینەوە بۆ زیاتر گەشتنە لە بابەتەکە کە بیری کوردان زیاتر بۆ لای خاکەکەی خۆیاندا دەچێت، وەگەرنا هزری

میکافیللی لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە فەرەنسا دەستی بەسەر فلۆرنسادا گرت و میکافیللیش لە سوود وەرگرتن لە مێژووی ڕابووردوو گەشت بەو هزرە سەربەخۆیە.

## ٥-هزری ئیلحادی

ئەم هزرە لە بێ باوەڕیەوە سەرچاوە دەگرێت و بڕوا بوون ڕەد دەکاتەوە.
مەدرەسەیەکی فەلسەفی تایبەتی بەو شێوە نی یە کە فکری ئیلحادی هەمووی پێکەوە کۆ بکاتەوە، بەڵام ئاشکرایە ئەم هزرە پێش ئیسلامیش هەبووە وەك بە دەهریەکان ناسراون کە دەڵێن ئەم جیهانە سەرەتاو کۆتای نی یە قورئانی ڕاستیش ئەم باسەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت {وقالوا ما هي الا حياتنا الدنيا نموت ونحيا وما يهلكنا الا الدهر وما لهم بذلك من علم ان هم الا يظنون}الجاثية ٢٤
واتە: بێباوەڕەکان دەیانووت ئەم دونیا چی یە دەژین و دەمرین سروشت و ڕۆژگارە دەمان ژێنێت و لەناومان دەبات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان ئەوەی ئەوان دەیڵێن لە ڕێگەی زانستەوە نی یە تەنها گومانە.
جەمالەدینی ئەڤغانیش کتێبێکی هەیە بەناوی بەرپەرچ دانەوەی دەهریەکان، الرد على الدهريين، وە بەکارهێنانی ئیلحادیش بۆ ئەوەیە کە باوەڕیان بە دین نی یە، ئیتر دەکرێت دەستەواژەی جیا جیا بەدەرکەون وەك لێرەدا دەهری دەرکەوت گرنگە ئەوەیە گەرچی ناوەکانیش جیابن، بەڵام هەمووی لە ژێر ئیلحاددا یەك دەگرن، بەڵام هەتا ناوی ئیلحاد خۆشی لە قورئاندا هاتووە وەك لەم ئایەتانەدا دەبینرێت:

{ولله الأسماء الحسنى فادعوه بها وذروا الذين يلحدون في اسمائه سيجزون ما كانوا يعملون} سورة الأعراف١٨٠

واتە: هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان، جا (ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دۆعا و نزا بکەن و هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن، وازبهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خوادا لادان دەکەن و (سیفەت و ناوەکانی خوا بەکاردەهێنن بۆ غەیری خوا)، لە ئایندەدا پاداشتی ئەو کارو کردەوانەیان وەردەگرن کە ئەنجامیان دەدا.

لێرەدا بە ئاشکرا خوای گەورە ناوەکانی خۆی بە بیر مسوڵمانان دەخاتەوەو فەرمان دەکات کە بەو ناوانە دوعا بکەن و واز لەوانە بهێنن کە کە باوەڕیان پێی نی یەو گرنگی پێ نادەن بە نا ئاگا لەڕاستی خوای گەورە ناویان دەبات.

{ولقد نعلم انهم يقولون انما يعلمه بشر لسان الذي يلحدون اليه اعجمي وهذا لسان عربي مبين} سورة النحل١٠٣

واتە: سوێند بە خوا ئێمە بەڕاستی دەزانین بێ باوەڕان دەڵێن: ئەم قورئانە تەنها کەسێك فێری دەکات، (بەمەرجێك) زمانی ئەو کەسەی ئەوان دەڵێن قورئان فێری محمد دەکات، عەجەمیەو عەرەبی نیەو ڕەوان نیە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی و پاراوو ڕوون و ئاشکرا داڕێژراوە.

{ان الذين يلحدون في اياتنا لا يخفون علينا افمن يلقى في النار خير ام من ياتي امنا يوم القيامة اعملوا ما شئتم انه بما تعملون بصير} سورة فصلت ٤٠

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە سەرسەخت و بێ بڕوان و دژایەتی ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە دەکەن و لێی لادەدەن. خۆیان ناشارنەوە لە ئێمە، باشە، ئەوەی فڕێ بدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە چاکترە یان ئەو کەسەی کە بەدڵنیایی و ئارامی و هێمنیەوە دێت لە ڕۆژی قیامەتداو بەرەو بەهەشت بەرێزەوە بەڕێ دەکرێت؟! ئەی بێ باوەڕان هەرچیتان لە دەست دێت بیکەن، چونکە لە

دەستی خوا دەرناچن، دڵنیاش بن خوا بینایە بەو کردەوانەی دەیکەن.
دەبینی لەهەر سێ ئەو ئایەتانەی کە هێنامانەوە ووشەی ئیلحاد بێباوەڕ هاتووە، بەڵام ئەم بێباوەڕی و ئینکاری کردنە وەك لە سەرەوەش ئاماژەمان پێ دان جۆریان زۆرە. هەیە بۆ نمونە باوەڕی هەیە بەخوای گەورە بەڵام ئینکاری شتی تر دەكات كە ئەویش هەر لە ژێر ئیلحادی نایباتە دەرەوە وەك قورئانی پیرۆز ئەمەشمان بۆ باس دەكات و دەفەرموێت {ولئن سالتهم من خلق السماوات والأرض وسخر الشمس والقمر ليقولن الله فاني يؤفكون}العنكبوت ٦١ موئەریخێكی ئیغریقی بەناوی بلوتارك وەڵامێكی جوانی دەداتەوە وەك دەڵێ( لقد وجدت في التاريخ مدن بلا حصون، و مدن بلا قصور، و مندن بلا مدارس، ولكن لم توجد أبدا مدن بلا معابد) واتە لە مێژوودا شارم بینی بەبێ خشت و بەرد ، شارم بینی بەبێ باڵەخانە، شارم بینی بەبێ قوتابخانە، بەڵام هەرگیز شارم نەدی بەبێ پەرستگا، یانی ئەوە چ باوەڕێكە ئەوە ڕەد بكاتەوە، لەكاتێكدا ئەو هەموو شتە گرنگە دونیایانە زۆرجار لە شاردا بوونی نەبووە بەڵام پەرستگا هەبوون.
هەروەها لقی تری لێ دەبێتە ئەم ئیلحادانە وەك لا دینیەكان كە ئەسڵەن دەڵێن دین مرۆڤەكان خۆیان دروستیان كردووە یانی هەر بوونی نەبووە خۆی، وە لا أدري یەكان كە نازانن هەیە یان نا!، وە ڕەبانیەكان كە باوەڕیان بە خوا هەیە بەڵام دینیش بە گرنگ نازانن.
بەڵام ئەم هزرە كە لە ئێستەدا هەر ئەو هزرەی پێش ئیسلام نی یە بەڵكو لەناو مەسیحیەكاندا زیاتر ئەمە دروست بوو لە دژی مەسیحیەت و بڕوایان وایە كە دین مرۆڤەكان كۆت دەكات و ڕێگری دەبێت لە داهێنان جا گەر بێت و خۆتی لێ داماڵی دەتوانیت پێش بكەویت، كە مشتومڕێكی یەكجار زۆری لەسەرە.

هەمـوو ئـەم هزرانـە هەڵقـوڵاوی ناوچـە مەسـیحیە نشـینەکانن بـەڵام لەگـەڵ فراوانیـان و هـۆی پشـتگیریان لەلایـەن زۆرێکـەوە ئیـتر خۆیـان لا زیاتـر گـەورە بـووەو بـە پێـوەری خۆیـان پێوایانـە بـۆ وڵاتانـی تریـش دانـاوەو ووتوویانـە دیـن هـەر دینـە، بـۆ ئـەوەی ئێـوەش وەك ئێمـە پێـش بکـەون دەبێـت وازی لێبهێنـن و خۆتانـی لـێ دابماڵـن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دیـن هـەر دیـن نـی یـە چونکـە ئەحکامـی شـەرعەکانیان جیـاوازی هەیـە، هەربۆیـە کاتێـك لـە وڵاتانـی ئیسـلامی بـەدوای ئـەم جـۆرە هزرانـە کەوتـن بینیـان هـەم دینەکەشـیان لـە دەسـتداو وە هـەم پێشـیش نەکەوتـن بەڵکـو بـۆ دواوەهاتـن، ئـەو سـاتەی کـە دەسـتەکان بـە ئیسـلامەوە پابەنـد بـوون لـە قیمـەی پێشـکەوتندا بـوون و ئەوروپـاو ئەمەریـکا بەدەسـت پیاوانـی کەنیسـەوەو بەدەسـت شـەڕەوە دەیـان ناڵانـد لـە لەندەنـدا تـا ئەژنـۆ لـە قـوڕدا دەچەقـی لـە ئەندەلـوس کـە ئیسـپانیای ئێسـتەیە هەمـوو کۆڵانـەکان ڕوونـاك بـوون، کـە ئێسـتەش ئاسـەواری ئیسـلامی ئەوکاتـەی پێـوە دیـارە. لـە ڕێگـەی ڕۆژهەڵاتناسـەکانیانەوە دیسـان توانیـان گـورزی بەهێـز لـە وڵاتانـی ئیسـلامی بـدەن و داگیریـان بکـەن و بەسـەرخۆیاندا دابەشـیان بکـەن و وە سـود لـە زانسـتە ئاینیەکانیـش بـۆ خۆیـان وەربگـرن و بەرگـی تـری بەبـەردا بکـەن و بیکـەن بـە هـی خۆیـان، هەربۆیـە ئێسـتە کـە سـەرنج لـە هەندێـك یاسـاکانیان دەدەیـن لـە ڕاسـتیدا ئیسـلامین و پێـش هەمـوو کـەس ئیسـلام دایهێنانـەوەو پیـادەی کـردووە، ئەوانیـش ئەکفـەرەو ئەلحەدەیـان کـردووە بـۆ خۆیـان، نمونـە ئـەو حەسـانەی کـە بـە منـداڵ دەدرێـت و مافـی منداڵـی لـە ژێـردا دەپارێزرێـت ئاشـکرایە لەسـەردەمی ئیمامـی عومـەردا ڕەزای خـوای لـێ بێـت داهێـنرا لـە ئەنجامـی گریانـی منداڵێکـدا، وەیـان سیسـتمی پۆسـت و گەیانـدن، لەسـەروی هەموویانـەوە پەرلەمـان و هەڵبـژاردن لـە ڕووی دیموکراسـی و ئـازادی خۆیانـی تێـدا دەردەبـڕن لـە ئیسـلامەوە هاتـووە، تەنهـا ناوەکـە گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە لەگـەڵ هەندێـك ئالیـەت و شـوێنی

دانیشـتندا، کەچـی ئێسـتە لـە ئەوانـەوە بـۆ ئێمـە دێتـەوە هێشـتا ئێمـەش قبوڵـمان نـی یـە! ئەوەتـا زۆرێـك لـە وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسـلامی پەرلەمـان هـەر بڤەیـە! مافـی ئافـرەت کـە کردوویانـە بـە موڵکـی خۆیـان ئاشـکرایەو هیـچ بەڵگـەی ناوێـت کـە تـا پێـش ئیسـلام ئافـرەت چـۆن دەچەوسـایەوەو زینـدە بەچاڵیـان دەکـردن، کـە ئیسـلام هـات چـۆن ئـەو کەلتـورەی گـۆڕی و خۆشـی بـۆ دەکـردن کـە بـە عەقیقـە نـاسراوە لـە نـاو مسـوڵمانانـدا دایهێنـاو تـا ڕۆژی قیامـەت هـەر سـونەتە، هەرکـەس دوو کـچ بەچاکـی بەخێـو بـکات جێگـە بەهەشـتە پێکـرد، لـە هەمـوو کارو چالاکیـە دینیەکانیشـدا دەبینیـن ئافـرەت هاوکاربـووە لەگـەڵ پیاوانـداو هیچیـش عەیـب و عـار نەبـووە، لـە پەرستنەکانیشـدا لەگـەڵ پیاوانـدا نوێژیـان کـردووە، بـەڵام ئەمـڕۆ پێچەوانەکـەی دەبینینـەوە ئافـرەت لـە ڕۆژئـاوا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە بـەرەو پێشـبردنی وڵاتـداو لـە وڵاتانـی ئیسـلامی دەسـتیان ناوەتـە بینەقاقەیـان بـە زینـدووی لـە ماڵـدا وەك کوژراویـان لێهاتـووە، پشـتگیری مـن ڕەهایـی نـی یـە بـۆ ئافـرەت وەك ئـەوەی لـە ڕۆژئـاوا هەیـەو زۆرێـك لـە بەرەڵایـی تێکـەڵ کـراوەو دژی ئـەو ئافرەتانـەش نیـم کـەوا حەیـای خۆیـان دەپاریـزن و چاودیـری مـاڵ دەکـەن، بـەڵام ئافـرەت گەرتواناکانیـان بخەنەگـەڕ کاری زۆریـان پـێ دەکریـت و دەتوانـن لەگـەڵ پیاوانـدا چمکێکـی ژیـان بەرزبکەنـەوە، وەك ئاشکراشـە هەندێـك کار بـە ئافـرەت نەبێـت ناکرێـت لـە فیقهـی ئیسلامیشـدا گرنگـی ئافـرەت بەسـەر پیـاودا دراوە لـەو ڕوانـەوە مەگـەر لەبـەر ناچـاری و نەبوونـی ئافـرەت پیـاوان بـە مەرجـەوە قبـوڵ بـکات.

## ٦-هزری ئیسلامی

هـزری ئیسـلامی مانـای ئـەوە نـی یـە کـە دەقـاو دەق ئیسـلام بێـت، بەڵکـو هەلێنجـراوی بیـری ئـەو کەسـانەیە کـە هەڵگـری ئیسـلامن و هـەوڵ دەدەن لـە ڕێگەیـەوە بەسـەر کۆمەڵگـەدا دایبەزێنـن و پیـادەی بکـەن، بـەو شـێوەیە جێگـەو کاتیـش جیـاوازی هەیـە بـۆ هەڵگـری هزرەکـە، هـزری ئیسـلامی واتـە ئیجتیهـادی ژیریـە بـۆ دەقـە شـەرعیەکان واتـە دەکرێـت هەڵەشـی تێـدا ببێـت، چونکـە مرۆڤـەکان مەعسـوم نیـن، جیـاوازی فکـری ئیسـلامی و ئیسـلام ئەوەیـە کـە ئـەوەی دەدرێتـە پـاڵ خـوای گـەورەو ئـەوەی دەدریتـە پـاڵ مرۆڤـەکان، وە پەیوەندیـش لـە نیوانیانـدا هەریـەك لەسـەر ئـەوی تـر پەیوەنـدی دروسـت دەکات و دەبنـە پشـتگیر، ئیـتر نـەك بـەو مانـای کـەوا پـڕواو پڕبێـت.

زۆرن لـە مێـژووی ئیسـلامی کـۆن و نوێـدا بیـری تیژیـان خسـتۆتە گـەڕو لـە ژێـر ڕۆشـنای دەقـە شـەرعیەکاندا ئیجتیهـادی خۆیـان کـردووە، بەبـێ مانـدوو نەبـوون و تـا سـەرەنجام کاریگەریەکـی یەکجاریـان لەکاتـی خۆیـان و دوای خۆشـیاندا دروسـت کـردووە، نزیکترینیـان ئـەو مەدرەسـە وەسـەتیەی کـە زۆرێـك ئێسـتە پشـتگیریەتی و لەسـەری دەڕۆن، ئـەو کەسـانەش لای مسـوڵمانە فیکریـەکان بەتایبەتـی نـاسراون وەك: جەمالەدینـی ئاڤغانـی، محەمـەد عەبـدە، عەبدولڕەحـمان کەواکبـی، محەمـەد غەزالـی، عەبدولـڕەزاق سـنهوری، حەسـەن بەنـا، ئەبـو ئەعـلای مـەودودی، سـەید قوطـب، غیلانـی دیمەشـقی، حەسـەنی بـەسری. وە ئیمامـی عەلـی ڕەزای خـوای لـێ بێـت.

وە زۆرن ئـەو کەسـانەی کـەوا داهێنانـی زۆریـان کـردووە لەسـەرەنجامی هزرەکانیانـەوە دەرگایـەك بـوون بـۆ پیشـکەوتن و ووردەکاریەکانـی ئەمـڕۆ، هەندێـك لـەو مسـوڵمانانەی کـەوا دەستپێشـخەربوون ئەمانـەن نـاو لەگـەڵ ئـەو

**مەجالـەی کـە کاریـان تێـدا کـردووە:**

| الاسم | مجـال الدراسـة |
| --- | --- |
| جابر بن حيان | الكيمياء |
| الأسمائي | علم النبات, علم الحيوان, الزراعة الحيوانية |
| الخوارزمي | الجبر, الرياضيات, علم الفلك, جغرافيا |
| الجاهز | عالم الحيوان, تأليف المعاجم, قواعد اللغة العربية |
| الكندي | الفلسفة, الفيزياء, علم البصريات, الطب, الرياضيات, علم المعادن |
| عباس بن فرناس | تقنية الطيران, جهاز حركة الشمس |
| ابن سينا | الطب, الفلسفة, الرياضيات, علم الفلك |
| ابن النفيس | الطب, الفلسفة, الفقه, الحديث |
| ابوالصلت | الهندسة, الأدب, الموسيقي |
| الرازي | الطب, طب العيون, علم الفلك, الكيمياء |
| عبد القادر الكيلاني | فكر إسلامي تصوف إسلامي, |
| الطبري | فن الخط, الطب, الأدب, والرياضيات |
| ابن الهيثم | الهندسه,البصريات, والرياضيات |
| ابن رشد. | علم الفلك, الطب, الفلسفة, والالحساب |

لێــرەدا ئەوەمــان بــۆ دەردەکەوێــت کــە هــزر ئەنجامــی ژێــری مرۆڤەکانــەو خــۆی بۆخــۆی ســەرچاوەی بنەبــڕی کارەکان نــی یــە، جگــە لــەوەی کــە ئــەو ســەرچاوانەی کــەوا بــۆ هــزرەکان پشــتی پــێ دەبەســترێت ئەوانیــش کاریگــەری بنەڕەتیــان لەســەر هــزرەکان هەیــە، وە کاتێــك بــۆ ســەرچاوەکانیش دەگەڕێینــەوە ئەوانیــش هــەر ســەرەنجامی هــزری مرۆڤــەکان بــووە تەنهــا پەرتوکێــك نەبێــت کــە ئەویــش قورئانــە، لێــرەدا دەتوانیــن بڵێیــن لــە هــزرەکان بگەیــن و کامیــان لــە پێشــەو کامیــان لــە پاشــە ڕیزبەندیــان بکەیــن، بەبــی هیــچ دوو دڵیــەك لای ئێمــە تەنهــا ئــەو هــزرە ڕاســتە کــە پشــت بــە قورئــان دەبەســتێت لەگــەڵ دەقــە شــەرعیە بڕاوەکانــدا بەبــێ خســتنە پێــش ژێریــەوە، چونکــە ژێــری دەرك بەهەمــوو شــتەکان نــاکات و جیــاوازی دروســت دەکات، بوونــی ئــەو هەمووهــزرەش ڕاســتی ووتەکانمــان دەردەخــات، ئەگــەر وا نەبوایــە نەدەبــوو ئــەو هەمــوو هــزرە جیــا جیایــە هەبوایــە، بــەڵام ژێریــش ســەرچاوەیەکی گرنگــی دەرك پــێ کردنــە هەربۆیــە خــوای بــاڵا دەســتیش پشــت گوێــی نەخســتووەو بەشــی خــۆی لــە دەقــە شــەرعیەکاندا بــۆ هێڵاوەتــەوە تــا ئەســپی خــۆی تێــدا تــاو بــدات، هەربۆیــە کــە ســەیری قورئــان و ســەرچاوە زانیاریــە قورئانیــەکان دەکەیــن بۆمــان دەردەکەوێــت کــە قورئــان لەســەدا هەشــتای ڕوون و بڕاوەیــە، بــەڵام لــە ســەدا بیســتەکەی تــر لێــك چــووەو مانــای جــۆراو جــۆر هەڵدەگرێــت، کاتێــك کــە مرۆڤــەکان دێــن و لێکۆڵینــەوەو بەدواداچوونــی خۆیانــی لەســەر دەکــەن ژێــری پــێ ئــاو دەدەن و ڕێگــەش بــۆ خەڵکــی ڕۆشــن دەکــەن و کاریگــەری نــا دروستیشــی لەســەر ئــەو لــە ســەدا هەشــتاکەی تریشــی نابێــت، وەك لــە ئــەو مەزهەبانــەی کــە دروســت بــوون و بوونەتــە چــرای ڕووناکــی بــۆ سەرانســەری جیهــان و ئــەو زانایانــەی کــە لەســەرەوە باســمان کــردن، بــەڵام دەبینیــن هەندێــك زیــادە ڕۆیــان لــە ســەدا بیســتەکە کــردووە دەســتیان بــۆ کارانێــك بــردووە کــە خــۆی بــۆ خــۆی بــڕاوە بــووەو پێویســتی بــە ئەزیــەت نەکــردووە، لەسەرەنجامیشــدا

دەسـتیان لـە هەمانەکـەوە دەرچـووەو بـێ بـاوەڕ بـوون بـە ئاینەکـەو خۆیـان بـە قوربـان هزرەکەیـان کـردووە، چونکـە ئـەو شـتانەی کـە بڕاوەیـە لـە ئاینـدا، چونکـە هـزر ناتوانێـت باشـتر لـەو دابهێنێـت هـەروەك لـە ئیعجازەکانـی قورئـان و سـونەتدا بۆمـان دەردەکەوێـت، هەندێـك نكۆڵـی لـەم ڕاسـتیانە دەکـەن و بـێ ئـاگا لـەو زیـان و کێشـانەی کـە بەهـۆی سـەرچاوەی ئـەم هـزرەوە دونیـای ڕۆژئـاواو ئەمەریـکا چەنـد توشـی گرفتـاری ئـەم پشـتگوێ خسـتنە بـوون، بۆنموونـە ئەوانـەی لـە شـەرعدا حەرامـی بڕاوەتـەوەو بەپێـی زەمـەن و پێشکەوتنیشـی حوکمەکـەی وەك خـۆی دەمێنێتـەوە تاوانەکانـی زینـا، مـادەی سەرخۆشـکەر، قومـار، ڕیبـا، گـەر سـەرنجی هەمـوو ئـەو وڵاتانـە بدەیـن کـە یاسـای جیـاواز لـەوەی کـە قورئـان هێناویەتـی دانـاوە بـۆ ئـەو تاوانانـە دەبینیـن چـۆن توشـی گرفتـاری و سـەدان کێشـەو نـا دادگـەری بوونەتـەوە بەهۆیـەوە، چونکـە هەرگیـز ناتوانـن لـەوەی کـە خـوای گـەورە داینـاوە باشـتر بەرهـەم بهێنـن.

ئـەوەی کـە تـا ئێسـتە باسـمانکردن بـۆ یـەك نامیلکـە زۆرە وەگـەرنـا ووردەکاریەکانمـان لەبیـری نەچـووە چ لەسـەر هـزری ئیسـلامی وەك ئـەو لقانـەی کـە لێـی بـووە وەك، علمـی کـەلام، ئەشـاعیرە، موعتەزیلـە، سـەلەفی، قورئانیـەکان، وە هەروەهـا.

وە لەسـەر هزرەکانـی تریـش بێگومـان ووردەکاری زۆر هەڵدەگـرن، بـە تایبەتـی پەیوەنـدی ئـەو هزرانـەش بەیەکـەوە بـۆ نمونـە لیبراڵـی و عەلمانـی وە هەروەهـا جگـە لەوانـەش  کـە ناویـمان هـەر نەهێنـان وەك وەتەنیـەکان، بـەڵام ئێمـە بـۆ دەرگا کردنـەوە بـۆ نووسـەرانی تـرو قسەوباسـکردنی زیـادوو وورد ئەوەندەمـان بەبـەس زانـی چونکـە زیاتـر بەلامانـەوە ئـەم باسـە دەرگایەکـە نـەك کۆتایـی، خوێنـەری ئەمـڕۆش کەمـتر تاقەتـی خوێندنـەوەی هەیـە بەداخـەوە هەربۆیـە ئـەم جـۆرە نووسـینانە بـە کـوردی بـە گرنـگ دەزانینـن.

الحمدلله الذي بنعمة تتم الصالحات

پەراوێزەکان:

١ فەرەج فودە موفەکیرو نووسەرێکی میسریە لە ساڵی ١٩٤٥ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٩٩٢ کوژراوە.

٢ موفەکیرێکی ئیسلامیەو برای بچوکی حەسەن بەنایە.

٣ کەسێکی سیاسی شیعەی عێراقیە لە ساڵی ١٩٦١ لە دایك بووە، ئێستە لەسەر لیستی عێراقیەیەو لە زیقار دادەنیشێت.

٤ نووسەرێکی میسریەو لە ساڵی ١٩٤٧ لە دایك بووە.

٥ موفەکیرێکی میسریە لەسەرەتاوە لە زانکۆی ئەزهەر مامۆستا بووە بەهۆی ئەوەی ئینکاری سونەتی پێغەمبەری کرد لە زانکۆ دەریان کرد لەو کەسانەیەکە تەنها پشت بە قورئان دەبەستن و سونەت ڕەد دەکەنەوە، کە بە قورئانیەکان بەناوبانگن.

٦ ئەدیب و ناقدێکی میسریە لە ساڵی 1929 لە دایك بووەو لە ساڵی 1973 مردووە.

# پێڕست


هزرو هەڵوێستەیەك---------------------------------------------------- ٣

هزر چی یە؟--------------------------------------------------------------- ٣

١-هزری لیبراڵی------------------------------------------------------ ٥

لیبراڵی ئیسلامی---------------------------------------------------- ٦

لیبراڵی مەسیحی--------------------------------------------------- ٨

لیبراڵی یەهودی---------------------------------------------------- ٨

٢- هزری مارکس و لینین و شوعی-------------------------------- ٩

٣-هزری سەرمایەداری-------------------------------------------١٠

٤-هزری میکافیللی------------------------------------------------ ١١

٥-هزری ئیلحادی------------------------------------------------- ١٢

٦-هزری ئیسلامی------------------------------------------------- ١٧

هزر تەنها بەمانای تێگەشتن دێت، واتە کۆمەڵە بیرۆکەیەکە لە مێشکی مرۆڤدا گەڵاڵە دەبێت و لەسەر شتێك یان کۆمەڵە شتانێك دەنیشێتەوەو دەبێتە بڕوایەکی تەواو لای مرۆڤ و هەوڵ بۆ ئامانجەکانی دەدات.

کاتێك دەوترێت بیرۆکە ئەویش دەتوانین لقەکانیشی دەستنیشان بکرێت وەك: دەرك کردن، هۆشیاری، بەهێزی هەست پێکردن، خەیاڵ.

پەیامی هزر

د.عومەر عەلی
٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6